**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی سالّی (1992) ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (23)ی رۆژی (2008/6/3) بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە(7 )ی سالّی / 2008**

**یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجیّ بوون بۆ دانیشتوان**

**لە هەریمی کوردستان - عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

بۆدابین کردنی نوا بۆ هاوولاّتیانی خاوەن داهاتی سنووردار، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن شوقە و خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات و بەناویان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، وەزارەتی شارەوانی زەوی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات، بیّ بەرامبەر بۆ ئەوەی شوقە وخانووی نیشتەجێبوونیان لەسەر دروست بکات.

**دووەم:** نرخی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بە پیّ ی ئەو خەرجیە دیاردەکرێت کە بەکردەنی تێیچووە لەگەلّ زیادکردنی (1٪)ی تێچووەکەی وەك خەرجییەکانی کارگێڕی . بەمەرجێك نرخی زەویەکە ئەژمار نەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

دەبیّ ئەو کەسەی داوای بە ناوکردنی نیشتەجێبوون دەکات هیچ شوقە ، یان خانوویەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی بەناو نەبێت و سوودمەند نەبووبێت لە:

**یەکەم:** هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە لە هەرێمدا.

**دووەم:** ئەو سولفەی خانووبەرەی حکومەتی هەرێم داویەتی.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** لە ماوەی سی ڕۆژ دوای ڕەزامەندی لەسەر داواکەی، داوا کاری بە ناوکردنی شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون (10٪)ی تێچووی خەملێنراوی بەرایی دەدات.

**دووەم:** ئەو بڕە پارەیەی لەسەری دەمێنێتەوە بە گوژمەی مانگانە یان سالانە دەیداتەوە لە ماوەیەک دا کە لە بیست وپێنج ساڵ تێپەرنەکات.

**سێیەم:** ئەو کەسەی یەکە نیشتەجێبوونەکە بە ناوی دەبێت بۆی هەیە دوای (10) ساڵ لە ڕۆژی بەناو کردنەکەیەوە بیفرۆشێتەوە بە مەرجێك ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە، یەك جێ بیداتەوە.

**چوارەم:** ئەگەر خاوەن یەکەی نیشتەجێبوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە کۆچی دوایی کرد، میراتگرەکان لەو گوژمانە دەبووردرێن کە لە ئەستۆی کۆچکردوو دەمێنێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی، پارەی پێویست بۆ بنیات نانی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون بە ئامادەکراوی بۆ نیشتەجێبوون رادەستی داواکار بکات لە ماوەیەك کە لە دوو ساڵ تێپەر نەکات دوای پێشەکی دانەکە.

**ماددەی حەفتەم:**

شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بە مولکی صرف بەناوی داواکار تۆمار دەکرێت و مەرونە (رهن) دەکرێت بۆ بەرژەوەندی حکومەت بەرامبەر ئەو قەرزەی ماوەتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەشتەم:**

شوقە یان خانووی نیشتەجێبوون بەناوکراو لە ڕەسمی تۆمارکردن بۆیەك جار دەبووردرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی و لایەنەکانی پەیوەندیدار هەریەك بە پێ ی دەسەڵاتی خۆی، پێڕەوو ڕێنمایی پێویست دەربکەن بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

## هویەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دا کێشەیەکی بەر چاوو دیارە کە زۆرینەی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی کە مدرامەتی گرتۆتەوە، وەلەبەر ئەوەی هەموو هاووڵاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت و، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دا ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 16 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا